ڕەحم (پەیوەندی خزمایەتی) خۆی هەڵواسیوە بە حوجزەتی خودای میهرەبانەوە، وخودا پەیوەندی دەبەستێت لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنێت، وپەیوەندی دەپچڕێنێت لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی ناگەیەنێت

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ڕەحم (پەیوەندی خزمایەتی) خۆی هەڵواسیوە بە (حوجزەت)ی* خودای میهرەبانەوە (الرحمان)ەوە، وخودا پەیوەندی دەبەستێت لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنێت، وپەیوەندی دەپچڕێنێت لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی ناگەیەنێت». *(حوجزەت: شوێنی بەستن وتوندکردنی ئیزاری خوارەوەیە لە کەمەردا وەکو بۆ نمونە بەنەخوێن بۆ شەروالّ وقایش بۆ پانتۆڵ، وخودا حوجزەتی هەیە بەڵام نازانین چۆنە ودروست نییە چواندنی بە بوونەوەر ودروستکراوەکان یان لێکدانەوەی واتایەکی تر بۆی یان پەکخستنی واتاکە ڕاستەقینەکەی هاوشێوەی سیفەتەکانی تر)

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ڕەحم (پەیوەندی خزمایەتی) پەیوەندی هەیە بە خوای گەورە، وناوی ڕەحم لە ناوی خودا (الرحمان)ەوە هاتووە، وئەم فەرموودەیە لە ڕیزی ئەو فەرموودانەیە کە باسی سیفەتەکانی خوای گەورە، کە پێشەوایان باسی ئەوەیان کردووە کە دەبێت بەو شێوەیە وەربگیرێت کە هاتووە، و وەڵامی ئەوانەیان داوەتەوە کە مانا ئاشکراکەی ڕەت دەکەنەوە، (حوجزەت)* لەو سیفەتانەیە کە دەبێت باوەڕمان پێی هەبێت بە بێ لێکدانەوەی چۆنیەتی وبە بێ پەکخستنی واتا ڕاستەقینەکەی وبە بێ لادانی لە واتا ڕاستەقینەکەی وبە بێ چواندنی بە بوونەوەر ودروستکراوەکان، باوەڕمان وایە کە ڕەحم (کە پەیوەندی خزمایەتیە) خۆی هەڵدەواسێت بە حوجزەتی خودای میهرەبانەوە، وخوای گەورە پەیوەندی دەبەستێت لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی دەگەیەنێت، وپەیوەندی دەپچڕێنێت لەگەڵ ئەو کەسەی پەیوەندی خزمایەتی ناگەیەنێت، وئەو کەسەی خوای گەورە پەیوەندی لەگەڵ بپچڕێنێت واتە دواپڕاوە وخێری بۆ نایەت و لەگەڵ دوژمنی خودایە کە شەیتانی نەفرینلێکراوە، وئەگەر هەموو خەڵکی بیانەوێت پەیوەندی لەگەڵ ببەستن سوودیان بۆی هەبێت ئەوا ئەمە هیچ سوودێکی بۆی نابێت. *(حوجزەت: شوێنی بەستن وتوندکردنی ئیزاری خوارەوەیە لە کەمەردا وەکو بۆ نمونە بەنەخوێن بۆ شەروالّ وقایش بۆ پانتۆڵ، وخودا حوجزەتی هەیە بەڵام نازانین چۆنە ودروست نییە چواندنی بە بوونەوەر ودروستکراوەکان یان لێکدانەوەی واتایەکی تر بۆی یان پەکخستنی واتاکە ڕاستەقینەکەی هاوشێوەی سیفەتەکانی تر)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8283